# مامۆستا هێدی

*** *** *** *** ***

## لە بێدەنگیی نیوەشەو دا

ئەوشۆ میوانی خەونێکتم،
لەو خەونانەی بەرەبەیان لە بیرت دەچنەوە.
لە شەوداوەتی ژوانەکانت دا
هەر ئەوشۆکە دۆی دەستی منی!

پێش ئەوەی کازیوە بین بە سۆمایی چاوەکانتەوە نێ،
بە نیگایەک بمدوێنە!
لە بێدەنگیی نیوەشەو دا
بە تریفەی مانگی حەزت داميۆشە!
بە لەرەی دەنگت
بملاوێنەوە!

بەر لەوەی ڕێی ژوانێکی دیکە بگری
ئاونگی سەر تاسە و حەزەکانت
بە گزینگ بسپێرە،
با ڕازی تۆ لە هەتاو ببیسم!

هێدی
10.5.2001

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## پرد

ڕێبەندان و بەستەڵەکە،
پێم لە هەنگاوان دەترسێ
قامکەکانم لە گۆ کەوتوون
بەو سەرمایە کەسیرە بووم.

لەو غەریبستانە
چوار وەرزم زستانە !

* * *

»کریسمەس«پردێکە
لەزستانێکەوە بۆ زستانێکی دی
لە ژانێکەوە بۆ ژانێکی دی.

چ سارد و سڕن ئەو خەڵکە !
زستانێکیان لە دڵ دایە
تا لێرە بین دوایی نایە!
لە بەر سەرمای چاوەکانیان ڕەق هەڵاتم،
جێژنەیانە و بۆ مەمانان
بزەش ناکەن بە جێژنانە !
لە گوێسوانەی دڵم
چلوورەی پەیڤەکانیان نەشتەرن و شۆڕ بوونەوە !

سەهۆڵبەندانی هەناویان
تا لێرە بین ناتوێتەوە!

* * *
چاوەڕوان بووم «نەورۆز«
لەو زستانەم بستێنێ و بە بەهارم بسپێرێ،
هەی داخ ... لێرە
نەورۆزیشمان سۆزی جارانی نەماوە
لە هەندەران ئەویش پردێکی رووخاوە !

هێدی
1.1.1997

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## وێرانە

گۆمی خەونم مەشڵەقێنە!
با لەو مەنداوە دا
شین بۆ تاسە جوانەمەرگەکانم بگێرم !

هەر بە داوێک رووناکییەوە بەندە
دوا دڵۆپی هیوام،
با بە لەرەی دەنگت نەتکێ !
بە بێدەنگیی بەرەو سەرچاوەم بەرەوە
با پشتی برستم نەشکێ !

بە گۆڕستاندا مەیە !
شەهیدەکان وەخەبەر مەهێنە !
با نەزانن خوێنیان بە فیڕۆ چووە !
با هەر دە "چرکەیەک بێدەنگیی" دا
بمێننەوە !

بە چیا دا مەیە !
با ڕێی چیا کوێر بێتەوە!
با کوندەکانی وێ
بەرەو وێرانەیەکی دیت نەبەن !

ڕێگایەکی نوێ بکێشە !
بەرەو سەرچاوەم بەرەوە!

هێدی
هاوینی 1997

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## تاسه

نامۆیی له دار و بەردی
ئەم وڵاته دەکەم.
نیشتمانم کرابێ به جەهەننەمیش
تاسەی دەکەم.

با نامەت بێ و
بەرامەی نیشتمانم بۆ بێنێ !
با تەلەفۆن زەنگ لێبدا و
به بیستنی زمانی زگماکم
بژێمەوه!
مەهێڵه لەو بەهەشته بەرینه دا بژاکێم،
دەرکەی جەهەننەمێم لێبکەوه!

هێدی
زستانی 1996

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## ژوان

به ڕێچکەی دەنگتدا
دێمه ژوانی چاوەکانت

ئەوەی دەنگت نایدرکێنێ
له چاوەکانتی دەبیسم .

هێدی
پاییزی 1996

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## تۆزی بانان

هاتین
له باوەشی سەرکەوتندا
پێکەوه ببینه خانی خانان،
بای فیز و هەوا هەڵیکرد
زەینکوێریی لێکیکردین.

ئێستا بووینه تۆزی بانان .

هێدی
هاوینی 1995

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## پرس

بەرەو هیچ دەبمەوە...
ژیان دێ و
بە پێدزە بە پەنامدا تێدەپەڕێ،
هیوام شەکەتە و خەونووچکە دەیباتەوە.

نە ئاو دەمبا
نە برووسکە دەمسووتێنێ
نە با دەمبا
نە بارانە دەمخووسێنێ.
ئەوە هاتە
یان نەهاتیی؟
ئەوە شنەی هەناسەی بەهارە
یان زریانی کۆچێکی دی؟
ئەوە گڕی ئاوری نەورۆزە
یان جەنگەی سووتانێکی دی؟
ئەوە چیرۆکی هەڵە و هەتڵەیە
یان هاواری بیرێکی دی؟
ئەوە کوردستانە
یان گۆڕستانی ئاواتی مردوو؟
ئەوە گنجی سەر تەوێڵی کوردە
یان ڕێچکەی دووپاتبوونەوەی مێژوو؟
ئەوە چاوساغی ڕێناسە
یان زلکوێری ڕێگا ونبوو؟
ئەوە تاراوگەیە
یان هەوارگەی هەڵێکی لە دەست چوو؟
ئەوە باوەشی ژیانێکی نوێیە
یان نوێنی مەرگێکی نووستوو؟

بەرەو هیچ دەبمەوە ...
ئەوە تێشکانە
یان سەرکەوتن؟

هێدی
بەهاری 1995

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## هەتاو

گوڵێ گیان! ڕووگەکەم با چاوی تۆ بێ
کلیلی بەندی دڵ با ناوی تۆ بێ

لە بەر گەرمیی ئەوینت با بسووتێم
هەتاوی ژینی من با تاوی تۆ بێ

هێدی
1992

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## تەوار

هەڵكشێ ئەی تەواری بەرزەفڕ!
با ئاسمانی بەرین وڵاتت بێ.
هەڵكشێ ئەی دەریای ئاور و گڕ!
با گڕكانی ئەوین خەڵاتت بێ.

كوا لەو ئاقارە نێرسالارە هەڵدەكەی؟
هەڵكشێ ئەی لە هیوا بەرزتر!
لە سەر ئەستێران هەڵنیشە!
تۆ كوا قەفەس جێتە؟

هەڵكشێ ئەی تەواری بەرزەفڕ!
نەوی مەبە!
لەو هەوارە
بۆ ڕاوكەران
كەوی مەبە!

هێدی
17.1.1994

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## بواری دڵ

دڵم،
ڕچەیەكم بۆ دەشكێنێ
كە ناوێرم خۆی لێدەم،
ڕێگەی ماڵێک دەگرێتە بەر
كە ناوێرم لە دەركەی دەم،
ئەوینێكم پێدەناسێنێ
لە ڕووم هەڵنایە بیدوێنم،
لە ئاوێک دەدا
بواری پەڕینەوەم نادا .

دەڵێی دڵم
لە سینەمدا هەڵناكا!

دڵە!
هێدی بەو لێم هەڵمەبڕە!
بە لەز مەڕۆ، سەر هەڵمەگرە !
مژی غەریبیی خەستە
بە هەناسەی تۆ نەبێ نارەوێ
لەو هەوارە سارد و سڕە جێم مەهێڵە!
بمبوورە كە تووشی نەهاتییم كردی
بەداخەوەم كە ئامانجت نەهاتە دی

بەڵام گیانە!
دوا هەواری منیش كوردستانە
نە من بە بێ تۆ لێرە هەڵدەكەم
نە تۆ بە بێ من لەوێ هەڵدەكەی.

هێدی
زستانی 1993

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## بۆ مەهاباد

شارەکەم، بەندی دڵم، ئەی باغی من!
ڕەوڕەوەی ساوایەتیم، سابڵاغی من

دڵ بە هیوات لێدەدا، لانکی دڵی
تۆ لە وەرزی یادی من دا سەرچڵی

ببیە ناڵەم، من لە سوێیانت گڕام
من لە تۆ بووم و لە یاران دابڕام

دوورە یارم، دوورە یارم، دوورە یار
ڕاونراو و دەرکراو و دوورە شار

دڵ مەگۆڕە، لێم مەتۆرێ، یاری تۆم
ڕووگەکەم! کوێستانی دڵ !ئەی زێدی خۆم!

هێدی
پاییزی 1991

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## پێڵاو

جووتێ پێڵاوم کردنە پێ
کەند و لەند و
قۆرت و گەوە،
هەڵەنگووتن،
هەستانەوە،
نیشتمان و
بووژانەوەم پێناساندن.

کەچی ئێستا لە هەندەران
بۆ پێم نابن.

هێدی
زستانی 1991

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## بازی من

پڕ گەوە و هەوراز و لێژە بازی من
خەمگر و پڕ ژان و برکە ڕازی من

دابڕاوی زێدی بندەست و لەتم
تین و تاسە و بانگی مانە گازی من

هێدی
1990

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## تینوویەتیم بە ماچ دەشکێ

کۆچە و ئەو کۆچەشم بە بێ تۆ کرد
شەوداوەتە و شاییم بە بێ دۆ کرد

تینووم، تینوویەتیم بە ماچ دەشکێ
غەریبم، تەنیاییم دەستەمۆ کرد

ناتگەمێ، سەرێکم لێ هەڵێنە
چاوەڕوانیی چاوانمی کەم سۆ کرد

شینە دووریی کەس و یار و وەتەن
کوا فرمێسک، شینیشم بە ڕۆ ڕۆ کرد

با بەستەی ژیان گەرووی ویشکم تەڕ کا
گۆیێنە ژیان، ئەویشم بێ گۆ کرد.

هێدی
1989

\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\\

## هەواری خاڵی

( شینی هێمن)

ئەی هەتاوی بزڕکاوی ئەو هەوارە!
ئەی خێڵەکەی بەرەو ژووری ئەو بەهارە !
ئەوڕۆ ئاسۆ چاوە کانییەک بوو مەیی.
ئەوڕۆ دەریا چاو لە ڕێی رووبارێک بوو هەر نەگەیی .
ئەوڕۆ ژوانگەی دڵسووتاو
سارد و کپە،
نە ترپەی پێیان
نە خورپەی دڵان،
نابیسرێ سرتە و چپە .

بەهارێکی ویشکەساڵ،
بە هەنیسکان

ئەسرینی خەم
بۆ هەواری «شیلاناوێ«
دەکاتە تەم.
»تاقەدار»ی سوێراوچێژ
پەلکی بەهاری وەری
کۆچی گراویی نەدی:
»تاقەداری کزی پیری عەوداڵ
دیمەنی «هێمن»ی هێنامە خەیاڵ
وەکوو ئەو تاک و تەریک لەم لێژا
غەیری سوێراوی گڕاو نەیچێژا».(1(

پەری ئازادی لە کوێی؟!
هەڵوەدا "هێمن"ەکەی دەربەدەرت
تا دەمی ئاویلکەدان،
گەلێ جار بۆ کوڕی گەل ناردییە سەرت.
ئەی سوارە «هێمن»ەکەی ئەو بوارە!
گەلێ تاوان
گەلێ تانە
گەلێ بوختان،
بوونە مژ و
بوونە تەمی ئەو ڕێگایە.
تو سوارێکی شارەزا بووی
تەمڕەوێن بووی
تۆ هەتاو بووی و ئاوا بووی.
تۆ هەتاوی و بەیانییان
گزینگت لە بەژنی کەژان دەهاڵێنی و
هەڵدێیەوە،
تۆ کۆچ ناکەی
هەر دێیەوە .

پەری خان و مانی شێعر!
ئەی بە هەوای ئەو کوێستانە ڕاهاتوو،
ئەی بە بەفر و باران و کڕێوە دا هاتوو!
دەسگیرانی «هێمن»ت
بارگەی بۆ هەوارێکی نامۆ تێکنا ...
ئێستاش خوێنی لە دەمارەکانی تو دا
هەر لە گەڕ دا .
ئەتۆش نەمری و چاو لێکنانێی
ئەتۆ دارێکی ڕیشاژۆی و
قەت پیر نابی و
لەو خاکە بارگەت تێکنانێی.

ئەرێ شوانە!
هانێ شمشاڵ و
ئەوشۆ شینی ئەو شەوە بریندارە و
شینی شاعیرێ دڵ بە سۆ بگێڕە،
لە گوێن ماڵاوایی و
ژانی ئاوارەیی دا
بە گەرمە سۆزێ تێیتووڕێنە،
بە چریکەی لاوکێ
پەچەی ئەو شەوەزەنگە دادڕێنە.

ئەوشۆکە
هەستە و ئۆقرە ناگرێ...
ئەوشۆ دڵە و
بەرگەی ئەو ژان و برکە ناگرێ...
ئەوشۆکە ئەستێرە و مانگ
لەو شەوە سڕە راساون،
ئەوشۆکە بزە و شادی
دوو سازی ژێ پساون.

ئای «ئایشێ خان»! (2(
ئێستا چاوەکانی کوردستان
وەک چاوانی تۆ تەڕن،
ئێستا کەژ و نواڵە
تەلان و بەندەن
سوێسن و بەیبوون و گوڵاڵە
دەستەوئەژنۆ چاوەڕوانی
زەردەپەڕن.

ئاخ ... «ئایشێ خان!«
ئەوشۆکە» هێمن»نایەتە ژوان
نایەتە ژوان !

ئێستاکە هەوار مەکۆی خەمە
ئێستاکە کوێستان تارای تەمە.

ئای شەنگەبێری ئەو هەوارە!
هاوار کە «فاتە رەشێ»(3(
با بێ و بە سۆزی دەنگی گەرمی
لەو شینگایە خەمان دابەشێ:
»هەی مەکە، رۆڵە مەکە، بابانوێرانم مەکە،
خەڵکی بە تاڵانی دەچۆوە، مەڕە، بەرانە، بەختەیە، شەکە،
ئەمنی مل بە کوێن بە تاڵانم دەچۆوە، گەردنی زەرد و
بەژنی باریک و ڕووی بە خاڵ و دوو چاوی دە بەڵەکە».(4(

ئێستاکە هەوار مەکۆی خەمە
ئێستاکە کوێستان تارای تەمە.

هێدی
بەهاری 1986